بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆبۆوە و راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە

هەر لایەک بەپێویستی بزانێت بۆ لادانی گومانەکان با لە رێگەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە هەوڵی خۆیان بدەن

پێویستە کەشوهەوای هەڵمەتی هەڵبژاردن کۆتایی پێبهێندرێت

دوێنێ سێشەممە 2018/5/15 بە سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبۆوە و دواتر مەکتەبی سیاسیی پارتی راگەیەندراوێکی سەبارەت بە کۆبوونەوەکە بڵاوکردەوە، بەگوێرەی راگەیەندراوەکە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئامادەکارییەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ئەنجامدان و سەرخستنی کراوە، بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی، جەخت لە یەکڕیزی و تەبایی کراوەتەوە و گرنگیی و هەستیاریی قۆناغەکە بە بیر هەمووڵایەک دەهێندرێتەوە، هاوکات پارتی بانگهێشتی تەواوی لایەنەکانی سەرکەوتوو دەکات بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان بخەنە پێش بەرژەوەندیی کەسی و حزبی و پلە و پۆستەکان لە بەغدا ئامانج نەبن، ئەوەندەی شەراکەت و تەوافوق و تەوازن ئەولەویاتی گفتوگۆی هەرێم و بەغدا بن.

دەقی راگەیەندراوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی، ئەمڕۆ، سێشەممە 2018/5/15 مەکتەبی سیاسیی پارتیمان، لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ئامادەبوونی هەڤاڵانی کۆبووەوە.

سەرەتا، هەڵسەنگاندن کرا بۆ یەک بە یەکی قۆناغەکانی پرۆسەکە، هەر لە قۆناغی بەر لە هەڵبژاردن، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئامادەکارییەکان، چۆنیەتی بەڕێوەبردن، ئەنجامدان و سەرخستنی پرۆسەکە کە تیایدا پارتیمان بەشێوەیەکی شارستانی و سەردەمیانە بەڕێوەی برد. هەروەها باس لە قۆناغی دەنگدان و ئەو کێشە و گرفتانەی هاتنەپێش کرا و شرۆڤەی بیروڕا جیاجیاکان کرا لەسەر دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە.

بەڕای کۆبوونەوە، قۆناغی خۆئامادەکردن و هەنگاونانەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ئاستێکی باش دابوو، هەر لە بنکەکانی خوارەوەی رێکخستنەکانی پارتیمان تا سەرکردایەتی و رۆڵی تەواوی ئەندام و لایەنگران و کادیران و ئۆرگانەکان بەرز نرخێندرا کە، سەرەڕای پابەندنەبوونی هەندێک کەس و لایەن بەو رێنمایی و پرنسیپانەی کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دیاری کردبوون، بەڵام کادیران و ئۆرگانەکانی پارتیمان، بە هەست بە بەرپرسیارێتی و هەستیاریی بارودۆخ و قۆناغەکە، بەوپەڕی هۆشیارییەوە ئەو قۆناغەیان دەربازکرد. بۆیە، کۆبوونەوە بە قەدرزانینەوە دەڕوانێتە ئەو رەفتارە و ئاکارانەی ئەندام و کادیر و ئۆرگانەکانی پارتیمان.

سەبارەت بە گرفت و کێشەکانی رۆژی دەنگدان، وەک لە کارکەوتن یا درەنگ بەکارخستنی ئامێرەکانی ویستگەکان و نەشارەزایی هەندێک لە فەرمانبەرانی کۆمیسیۆن گفتوگۆی پێویست کرا و دەبوایە کۆمیسیۆن لەوە زیاتر ئامادەسازیی کردبایە و مەشقی بە فەرمانبەرەکانی کردبایە و ئەم بابەتانە و پێڕانەگەیشتنی ژمارەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە بە دەنگدان لە رۆژی دەنگدانی تایبەت، هەروەها جەماوەری دەنگدەریش لە رۆژی 2018/5/12 لە ئاکامی ئەو گرفتە تەکنیکییانەی هاتبوونە پێش، زوو چارەسەر نەکرابوون.

پرۆسەکە ئەنجامدرا، لە قۆناغی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان گومان لەسەر پاک و بێگەردیی دەرئەنجامەکان لە لایەن چەندین لایەنی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردن راگەیەندرا و، پارتیشمان لە رێگەی وتەبێژی فەرمی رای خۆی بەڕوونی بڵاوکردەوە کە گومانمان لە دەرئەنجامە بەراییەکانی پارێزگای سلێمانی دەربڕی کە دەرئەنجام وەکو رای دەنگدەری پارتیمان نەبووە و بۆ رەوینەوەی گومانەکان و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری، داوای ژماردنەوەی پسولەی دەنگدانەکانمان بەدەست کردبوو، ئامادەییشمان دەربڕی کە ئەگەر بەپێویست بزاندرێ، سەرتاسەری کوردستان ئەم پرۆسەیە بیگرێتەوە.

ئێستاش کە دەرئەنجامە سەرەتاییەکان لە لایەن کۆمیسیۆن راگەیەندرا، هەر لایەک بەپێویست بزانێ بۆ لادانی گومانەکان، با لە رێگەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان و یاسای بەرکار هەوڵی خۆیان بدەن.

کۆبوونەوە جەختی لە یەکڕیزی و تەبایی کرد و گرنگیی و هەستیاریی قۆناغەکە بەبیر هەمووڵایەک دەهێنێتەوە و بانگێشتی تەواوی لایەنەکانی سەرکەوتوو دەکات بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان بخەنە پێش بەرژەوەندیی کەسی و حزبی و، پلەوپۆستەکان لە بەغدا ئامانج نەبن ئەوەندەی شەراکەت و تەوافوق و تەوازن لەپێزبەندیی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەولەویاتی گفتوگۆی هەرێم و بەغدادابن.

هەروەها زۆر پێویستە کەشوهەوای هەڵمەتی هەڵبژاردن کۆتایی پێبهێندرێت و هەر گرفت و تێڕوانینێکی تایبەت سەبارەت بە دەرئەنجامەکان، چ سەبارەت بە پێکەوەیی و چۆنیەتی مامەڵەمان لەگەل بەغدا بە شیوازێکی لۆژیکی و واقیعی دەربڕین.

کۆبوونەوە دڵنیایە کە ویست و خواستی جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان، یەکڕیزی و تەبایی لەلایەنە سیاسییەکان دەوێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئەگەر و تەحەدییاتانەی رووبەڕووی خەڵکی کوردستان دەبنەوە، هەروەها بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە دەستوورییانە و بەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر.

لە کۆتاییدا کۆبوونەوە سوپاسی جەماوەری کوردستانی کرد بەگشتی و سوپاسی تەواوی ئەندام و لایەنگران و کادیرانی پارتیمان کرد کە لەخۆبوردووانە تێکۆشان، بۆ لە گۆڕنانی ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی دەدران بۆ پەراوێزخستنی پارتیمان یا شکاندنی ئیرادەی پارتی و گەلی کوردستان کە لە ئەنجامدا ویستی ناحەز و دژەکان سەری نەگرت و پارتی وەکو حزبی یەکەمی کوردستان مایەوە و متمانەیان پێ بەخشی.

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2018/5/15

پارتی متمانەی زۆرینەی دەنگەکانی تاراوگە بەدەست دەهێنێت

هێمن هەورامی: متمانەی کوردانی تاراوگە بە پارتی بە مانای پشتگیرییە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان

سەنگەر هەورامی

کاتێک ململانێ سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردن دەستپێدەکات، ڕاستە مەرجی سەرەکی ئەنجامی زۆرینەیە، بەڵام ئەو بیۆگرافیا سیاسییەی کە هەر لایەنێک وەک قەڵای حزبەکەی دەیبینێت و دەبێتە سوردی بەر لەشکریان، سەرکەوتن و شکست تێیدا مۆرێڵی سیاسی و جەماوەریش تێیدا دەهێتە گۆڕین. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی دوو خولی کۆتایی پەرلەمانی عێراق، کوردانی تاراوگە نوێنەرایەتیکردنییان دایە دەستی پارتی و قسەیان بەو لایەنانە نەهێشت کە لافیان بە کوردانی تاراوگەوە لێدەدا. لە سەروبەندی ئەنجامە بەراییەکاندا، پارتی لە ئەورووپا و ئەمەریکا پلەی یەکەمێکی زۆرینە بەدەست دەهێنێت.

هێمن هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، کە وەک سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لە ئەورووپا دەستنیشان کرابوو، ئەم سەرکەوتنانە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەندێک خاڵ.

هەورامی پێیوایە کوردانی تاراوگە بە هۆی ئەو فەزایەی کە تێیدا دەژین و لە قوسیەتی دەوڵەت و مافی نەتەوەکان تێگەیشتوون. بۆیە تەقیمی کاریزمایی سەرۆک بارزانی لای ئەوان لە ترۆپکەدایە و لە ستراتیژییەتی سەرۆک بۆ نەتەوە و نیشتمان گەیشتوونەتە ئەو یەقینە کە پارتی و بارزانی بە مانای زامنی مافەکانی کوردە.

هەورامی ئەوەشی گوت، کاتێک باسەکانمان دەگەیشتە پەیوەندی سیاسی لەگەڵ بەغدا، پارتی بوونیان بە مانای کوردبوون دەشوبهاند. بۆیە خۆشبەختانە سەرکەوتی پارتی لە تاراوگە ئەو متمانە نەتەوەیی و نیشتمانییەی کوردانی ئەورووپا و ئەمەریکایە بۆ بەرەودان بە سیاسەتەکانمان لەسەر ئەو ڕێچکەیەی کە ئاراستەمانکردووە.

سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکانی پارتی لە ئەورووپا، باسی لە گەرموگوڕی کوردان دەکرد، کە هێشتا زامەکەی 16ی ئۆکتۆبەر و سەرکەوتنەکەی 25ی ئەیلوولیان لە دڵدا ماوەتەوە. بۆ ساڕێژی زەمەکەی 16ی ئۆکتۆبەر و سزادانی کارەکتەرەکانی و بەرەودان بە سەرکەوتنی زیاتری هاوشێوەی ڕیفراندۆم، دەنگەکانیان دایە دەستی پارتی و لە ئەورووپاوە بە پارتیان گوت، نوێنەرە بە ئەمەکەکەی جارانبە. هەورامی لە دەرئەنجامی دەنگەکان گوتی، پارتی و بارزانی ڕابەری ڕیفراندۆم بوون، ڕیفراندۆمیش ئەو دەستکەوتەبوو کە لە مێژووی کوردایەتییدا، بۆ یەکەمجارە کورد توانییێتی، کورد لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی جەوهەری بگوازێتەوە. ئەمە سیاسەت و حزبایەتی پارتییە، بۆیە ئەو دەنگانە سووربوونی کوردانی تاراوگە بۆ سەربەخۆیی و ئازادییە لە کوردستان، بۆیە پارتیان هەڵبژارد.

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو حزبەیە کە لە نێو هەناوی کوردستانەوە لە دایکبووە، بۆیە کوردستانیان لە هەر جۆرە دیدگایەکەوە لە پرسەکان بنواڕن، دەشێت پارتییانە ببینن، چونکە پارتی لەبەر ئەنجامی ئینشیقاقێک یاخود خیانەتێک دروستنەبووە، وەک هەندێک لایەن. ئەمە وادەکات کە پارتی جێگای باوەڕی زۆرینە بێت، لە هەمانکاتدا پارتی کاتێک دەست بۆ هەر شتێک بەرێت، ئەوا دەستکەوتێک بە دەستهاتووە بۆ کورد، بۆیە کوردانی زۆرینە لەگەڵ پارتین. هێمن هەورامی لە بارەی ئەنجامەکانی پارتی لە ئەورووپا ئەوەشی گوت، کاتێک باسەکان دێنە سەر خزمەتگوزاری، ئەو شوێنانەی دەسەڵاتی پارتی تێدا زۆرینەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە ئیدارەیەن پارتی وەها دەستەڵاتێکی نییە. دەبینین کە پێشکەوتنوو سەرکەوتنەکان لە چ ئاستێکدان، ئەمەش سەرەڕای ئەو تیرۆرە فکرییەی کە بەرانبەر پارتی دەکرێت، هەر زۆرینەیە و بەرەو زیادبوونیش دەروات. هەروەها بەپێی ئەو دەرئەنجامە بەراییانەی کە لە دەرەوەی وڵات هەژمارکراون، پارتی دیموکراتی کوردستان، بە یەکەمێکی زۆرینە لە پێش لایەنەکانی دیکەوەیە.

بەریتانیا داوا لە یەکێتیی ئەورووپا دەکات بە هەماهەنگی کار بکەن دژی توندڕەوە ئیسلامییەکان

سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوخۆی بەریتانیا "ئێم ئای"5 ئاندرو پارکەر گوتی: پێویستە لەسەر بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا پەیوەندییە ئەمنییەکانیان توندتر بکەنەوە دوای هاتنە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە، ئەمەش بەمەبەستی شکستپێهێنانی توندڕەوانی رێکخراوی داعش و بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی رووسیا بۆ زیانگەیاندن بە دیموکراسییەتی رۆژئاوا. هەروەها بەگوێرەی ماڵپەڕی دەنگی ئەمەریکا، بەریتانیا وەکو یەکێک لە هێزە باڵادەستەکانی ئەورووپا لە بواری هەواڵگریدا هەوڵدەدات پەیماننامەیەکی ئاسایشی نوێ لەگەڵ یەکێتییەکەدا واژۆ بکات بۆ ئەوەی زانیارییە نهێنییەکانی وڵاتە گەورەکانی دیکەی ناو یەکێتییەکە بزانێت لە کاتێکدا لەندەن هەوڵدەدات رێککەوتنێکی گەورەتر و فراوانتر ئەنجامبدات بۆ هاتنە دەرەوە لە یەکێتییەکە. لە یەکەمین لێدوانی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوخۆی بەریتانیا لە دەرەوەی وڵاتەکەدا، پارکەر لەمیانەی کۆبوونەوەیەکدا کە هەواڵگری ناوخۆی ئەڵمانیا میوانداری کۆبوونەوەکەی کردبوو لە بەرلین گوتی توندڕەوانی رێکخراوی داعش پلاندادەنێن بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاڵۆزتر و وێرانکەرتر.

پارکەر گوتیشی وابڕیارە وڵاتەکەی لە ساڵی داهاتوودا لە یەکێتیی ئەورووپا بێتە دەرەوە، بەڵام سێ دەزگا هەواڵگرییەکەی بەریتانیا کە هەواڵگری ناوخۆ ئێم ئای 5 و هەواڵگری دەرەوەی ئێم ئای 6 و بنکەی پەیوەندییەکانی حکوومەت، رێککەوتوون لەسەر ئەوەی دەیانەوێت بەردەوامبن لە هاریکارییەکان لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکەدا. پارکەر گوتیشی: نابێت بهێڵین توانا و هەوڵە هاوبەشەکانمان لەسەر ئاستی ئەورووپا لەناوبچن.

گوتیشی: هیوادارە دوای هاتنە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتییەکە، هەردوولا بتوانن بگەنە رێککەوتنێکی بەرفراوانی ئەمنی.

جێی ئاماژەیە دەزگای هەواڵگری ناوخۆی بەریتانیا ئێم ئای 5 لە ساڵی 1909دا دامەزرا بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی سیخوڕییەکانی ئەڵمانیا لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە و ئەرکی هەواڵگرییەکە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییە، بۆیە لەگەڵ پۆلیسدا هەماهەنگی دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشە تیرۆریستییەکان.

محەممەد خورشید: رەوشی کەرکووک ئاڵۆزە و هێزێکی حەشدی شەعبی گەیشتوونەتە شارەکە

هێزێکی زۆری حەشدی شەعبی هاتوونەتە کەرکووک و بەرپرسی لقی 3ی پارتی لە کەرکووک، رایدەگەیێنێت، ئەو هێزە مەزهەبییە میلیشیان و کۆنترۆڵ نەکراون، تا ئێستایش نازاندرێت مەبەستیان چییە.

دوای ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکان لە شاری کەرکووک، تورکمان و عەرەبی سوننە و شیعە ناڕەزایەتییان دەربڕی، تا ئەوەی گەییشتە خۆپێشاندان و شەڕ لە نێوان هێزە چەکدارەکانی ئەو شارە و خۆپێشاندەران، کە بریندارییشی لێ کەوتۆتەوە، محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی3ی کەرکووکی پارتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی رایگەیاندووە: چەند رۆژێکە بارودۆخی شاری کەرکووک شڵەژانێکی زۆری پێوە دیارە و خۆپێشاندان و رێپێوان لە لایەن نەتەوە جیاوازەکانی شارەکەوە بەردەوامە و کار گەییشتووەتە ئەوەی تەقە لە نێوان هێزە ئەمنییەکانی ئەو شارە و خۆپێشاندەردا رووبداوە و بریندارییشی لێکەوتووەتەوە.

خورشید، هێمای بۆ ئەوەیشکرد، کەوا رێگری لە گواستنەوەی سندووقەکانی دەنگدان لەو شارە هەیە، لە لایەکی تریشەوە هەر یەکە لە شیعەکان و سوننەکان و تورکمانەکان پێیانوایە ستەمیان لێکراوە، گوتیشی: لە نزیک (معهد تقنی) تەقە لە نێوان خۆپێشاندەران و هێزە ئەمنییەکانی کەرکووکدا رووبداوە و بریندارییش هەبووە.

محەممەد خورشید پێشیوایە، گەیشتنی هێزێکی زۆری حەشدی شەعبی بۆ ناو شارەکە، ئەوە هۆکارەکەیەتی، وەکخۆی ئاماژەی پێکرد، تا ئێستا نازاندرێت، کە ئایا ئەو هێزە میلیشیایە بۆ پاڵپشتیی خۆپێشاندەران و شیعە نارازییەکان هاتوون، یاخود بۆ بردنی سندووقەکانی دەنگدان.

سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە لە رێی دەستییەوە، خورشید رەتیکردەوە هیچ بڕیارێکی لەو جۆرە هەبێت، تەنیا لە راگەیاندنەکانەوە ئەو دەنگۆیە هەیە، نەک لە راستیدا وەها بڕیارێک هەبێت. دەرەنجامی هاتنی میلیشیا شیعەکان بۆ شاری کەرکووک لە وەها ساتێکدا، محەممەد خورشید بە مەترسی دەزانێت و دەڵێت: حەشدی شەعبی هێزێکی میلیشیایی کۆنترۆڵنەکراوە، بوونیشیان لە هەر شوێنێک، نانەوەی پشێویە، بەڵام تا ئێستا مەبەستی هاتنی ئەو هێزە بۆ کەرکووک دیار نییە.